## لیژنەکەی حکومەت:
## بودجەیەکی تایبەت بۆ سەیدسادق تەرخان دەکرێت

لیژنەی حکومەتی هەرێم بۆ بەدواداچوونی کێشەکانی سەیدسادق، ڕایگەیاند: سەرۆکی حکومەت بڕیاری داوە بودجەیەکی تایبەت جگە لە بودجەی تەرخانکراو بۆ شارۆچکەکە، تەرخان بکات.

دوێنێ لیژنەیەك وەك نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە پێکهاتبوون لە کامەران ئەحمەد، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و دڵشاد شەهاب، وەزیری شارەوانی و بەهرۆز محەمەد ساڵح، پارێزگاری سلێمانی، سەردانی شارۆچکەی سەیدسادقی کرد و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیشدا ڕایگەیاند: سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە بودجەیەکی تایبەت جگە لە بودجەی تەرخانکراو بۆ سەیدسادق، تەرخان بکات،



ئاماژەی بەوەش کرد کە سەرۆکی حکومەت بڕیاری داوە پاش گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات، پێشوازی لە لیژنەیەك لە نوێنەرانی دانیشتووانی سەیدسادق بکات، تا لە نزیکەوە گوێبیستی داواکاریی خەڵکی ناوچەکە بێت.

## دوو وەزیری دیکەش سەردانی سەیدسادق دەکەن

سەبارەت بە سنووری ئیدارەی ناوچەکەش، تەئکید کرایەوە خواستی خەڵکی ناوچەکە لەبەرچاو دەگیرێت لە کاتی بڕیاردان لە بەپارێزگابوونی هەڵەبجە. سەبارەت بە خانووە بێ تاپۆکانیش، وەزیری شارەوانی وتی: وەزارەتی شارەوانی پرۆژەیاسایەکی ئامادە کردووە و بڕیاری لەسەر داوە، تەنیا ماوە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە بکات. تایبەت بە بواری تەندروستی و پەروەردە، لیژنەکە تەئکیدی کردەوە لە ماوەی دە ڕۆژی داهاتوودا بڕیارە وەزیری تەندروستی و خوێندنی باڵا سەردانی ناوچەکە بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بەو دوو سێکتەرە، لەوبارەیەوە وەزیری ئاوەدانکردنە وتی: لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا قسەیان کردووە سەبارەت بە کردنەوەی پەیمانگایەك لە سەیدسادق و وەزیری خوێندنی باڵا لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ شارۆچکەکە، باس لە میکانیزمی جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەکات.

## بە هەموو شێوەیەك تەقەکردن قەدەغەیە

هەر لە کۆنگرکەدا، پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند: هەر وەکو چۆن بڕیاری ٢٤١ لە ناوچەکانی دیکە جێبەجێ کراون، بەهەمان شێوە لە سەیدسادق جێبەجێ دەکرێت. وتیشی: بڕیارە لیژنەیەکی پارێزگا سەردانی ناوچەکە بکەن بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کەموکووڕیی ئیداری و کەموکووڕیی پرۆژەکان. سەبارەت بە دانانی قائمقام و



بەڕێوەبەری پەروەردە، پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند: کەسێك بەشێوەی کاتی دادەمەزرێنین بۆ ڕایکردنی ئیشوکاری هاووڵاتیان، تا ئەوکاتەی حکومەتی هەرێم پێك دەهێنرێت. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ڕێنمایی دراوەتە هێزە ئەمنییەکان کە بە هەموو شێوەیەك تەقەکردن قەدەغەیە و پێویستە بەشێوەیەکی مەدەنییانە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکرێت. ڕاشیگەیاند: تەنها هێزی چالاکییە مەدەنییەکان و هێزەکانی پۆلیس لە ناوچەکەدا دەمێننەوە، تا بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە.

ڕاپۆرتە هەواڵێك لەسەر سەردانی بەرپرسانی حکومەت بۆ سەیدسادق لە سێیەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکەدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٦٢٧٢) لە (٢٠١٤/١/٥) لاپەڕە (٤)